# " بەوێنەکێشانی ئینتباعی هەست دەکەم زیاتر لەسروشتی کوردستان‌و مەینەتیەکانی قوولْ ئەبمەوە "



شێوەکار حەسەن محەمەد عەبدولحەمید، ناسراو بەحەسۆ خەڵکی گووندی ناوپردانە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ قەلاّی هەولێرە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەشاری هەولێر تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٨٤ دوایین ساڵی خویندنی بووە لە کۆلیژی شەریعەی بەغدا، بەهۆی بارودۆخی سیاسی‌و بیری کوردیەتی وازدەهێنێت. لە ساڵی ١٩٩٢ ڕوو لە ئەسینای پایتەختی یۆنان ئەکات، بەشداری چەندین چالاّکی هونەری شێوەکاری ئەکات، هەروەها چەندین پێشانگای تایبەت لەهەردوو شاری ئەستنبول‌و ئەسینا کردۆتەوە، ئێستاش دوای پانزە ساڵی ژیانی تاراوگەو غوربەت گەڕاوەتەوە باوەشی نیشتمان. بەدەرفەتمانزانی ئەم دیدارەی لەگەلْ سازبکەین.

**سازدانی : دلشادکاوانی**

**سەرەتا حەسۆمان چۆن پێدەناسێنیت؟**

*ناوم حەسەن کوڕی سەیدمحەمەدی ناوپردانی‌و دانیشتوی هەولێرم.

**بۆنازناوت حەسۆیە؟**

*لەتورکیا هەڤاڵێکی نزیکم بەحەسۆ بانگی ئەکردم، هەر لەو کاتەوە شۆرەتی حەسۆم بۆ کاری هونەریم هەڵبژارد.

**ئەکرێ بزانین لەکەیەوە خولیای شێوەکاری بووی؟**

*کاتێ منداڵبووم لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە هەستم ئەکرد دەتوانم بەئاسانی وێنەی ئەوشتانە بکێشم کەلەخەیاڵمدا بوون.

**ئەگەر کەمێك بۆ رابردووت بگەرێینەوە منداڵیەتیت چۆن بوو لەقەلاّتی هەولێر؟**

*کەمن منداڵبووم هەولێر دەتوانین بڵێین ئەوکاتی گوندێکی گەورەبوو، وەك ئێستا نەبوو بەلاّم بۆ من زۆرخۆشبوو تامی شەڕە بەردەقانی سەر قەلاّتم لە بیرنەچۆتەوە.

**لەگەلْ کێ دەتانکرد؟**

*مندالاّنی بەستە پیازەو سەیداوەو تەیراوە ؟

**باری کامەتان بوو؟**

*ڕاستە دیانگووت منداڵی قەلاّتێ ترسنۆکن، بەلاّم ئێمە دەمانبردەوە، چونکە شوێنمان بەرزتربوو.

**بێینەوە سەرکاری هونەریت، یەکەم پێشانگات یان بەشداری چالاکی شێوەکاریت کەی بوو؟**

*کارە سەرەتاییەکانم بۆئەو سەردەمانە ئەگەڕێتەوە، کە لەساڵی ١٩٨٤بەشداری چەند پێشانگاییێکی شێوەکارە عەرەبەکانی سەردەمی زانکۆم ئەکرد.

**بۆهەمیشە وێنەو تابلۆکانت مۆرکێکی کوردانە یاخود ڕەنگدانەوەی کێشەی سیاسی گەلی کوردی پێوە دیارە؟**

*پرسیارێکی جوانە بە تەحەدداوە دەڵێم من یەکەم شێوەکاری کورد بووم، کە لە ساڵی ١٩٨٨ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە بە تابلۆییێك بەشداری پێشەنگاییێکم کرد لەبەغدا، کە گوزارشتی لەکۆمەڵکوژی ئەکرد، دواتر لەسەری تووشی کێشەو گرتن‌و ئەزیەت‌و ئازارێکی زۆر هاتم.

**ئەی کەی بوو کوردستانت جێهێشت، بۆ؟**

*وەکو هەر کودستانییێك لە کۆچڕەوی ساڵی ١٩٩١ بەرەو هەندەران بەڕێکەوتم، سێ ساڵ لە ولاّتی تورکیا گیرسامەوە پاشان چوومە ئەسینای پایتەختی یۆنان نیشتەجێبووم.

**ڕەنگە کۆچ‌و مەنفا بۆ هەمووکەس نەخۆشبێت، بەلاّم بۆ هونەرمەندێکی شێوەکار چۆنە؟**

*من ئەوەت لێناشارمەوە غەریبی‌و ئاوارەیی واتە لەدەستدانی ناسنامەی راستەقینەی هەموو مرۆڤێکە، بەلاّم هونەرمەند بەتایبەتی شێوەکار دەتوانێ ئاسانتر خۆی لەنێو غوربەتدا بدۆزێتەوە.

**کەواتە ئەگەر خۆت وەك حەسەن ونبوویت بەلاّم بەفلْچەو هونەرەکەت چیتکرد؟**

*ئەوەی ڕاستی بێت سەرەتا بۆ منێکی منداڵە قەلاّتی زۆر زەحمەتبوو، بەلاّم دواتر توانیم لەگەلْ گروپی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا لەساڵی ١٩٩٥پێشانگاییێکی ٣٠تابلۆیی بکەمەوە کە گوزارشتی لەمەینەتیەکانی کورد ئەکرد، دواتر لەسەری ساڵی نەورۆزی ١٩٩٦پێشانگاییێکی ترم کردەوە پاشان لەساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨

گۆڤارێکمان بەناوی (fonito kurdistan) دەرئەکرد، من بەرگو تابلۆکانیم دروست ئەکردو چەندین پۆسکارتو تابلۆمان لەسەر کوردستان بلاوکردەوە. پاشان توانیم وورده وورده لەگەڵ هونەری شێوەکاری یۆنانی شارەزاییێك پەیدا بکەم.

**ئەی چۆن بوو گەڕایتەوە بۆ تورکیا؟**

*ڕەنگە ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆمەوە هەبێت، بەلاَم هەمیشە حەزم کردووە هەنگاوێك زیاتر لە کوردستان نزیکببمەوە.

**کەواتە لەوێش لە کاری شێوەکاری دانەبڕایت؟**

*نەخێر هونەرمەند لە هەر شوێنێك بێت، ئەگەر بۆی بگونجێت، پێویستە فڵچەی لە کاردابێت کە گەڕامەوە، بۆ ئەستەمبوڵ لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ چەندپێشنگاییکم بەهاوکاری ڕێکخراوی (Hadep)، کە ڕێکخراوێکی سیاسی کوردیە لە تورکیا لە شاری ئەستەنبول کردەوە، جگە لەمەش لەگۆڤاری (bizim market) کە گۆڤارێکی ئەهلی بازرگانی بوو، لاپەرەیێکی تایبەت بە کاریکاتێریستم هەبوو، لەچەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی تری تورکی تابلۆکانم بلاو کراوەتەوە.

**بینەر هەست دەکات زووتر لە تابلۆو کارەکانی تۆ تێئەگات لەچاو زۆربەی لەشێوەکارەکانی تر لەبەرچی؟**

*ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازو ڕێچکانەی کە خودی شێوەکار بۆکارەکانی هەڵیدەبژرێت، من زیاتر وێنەی ئینتباعی ئەکێشم، چونکە هەست دەکەم زیاتر لەسروشتی کوردستانو مەینەتیەکانی قووڵ ئەبمەوە.

**ئەی کاریگەی کامە لە شێوەکارەکانت بەسەرەوەیە؟**

*ئەگەر مەبەستت جیهانیەکان بێت لیۆناردۆ داڤینشی، بیکاسۆ، سلفاردۆردای، کوردەکانیش هیچیان.

**لەژیانی گەنجیەتیدا،خۆشەویستیت کردووە؟**

*بێگومان چەنجارێك، پێم وایە هیچ کەس نیە بەم قۆناغە تاڵەدا، تێنەپەڕێت؟

**بۆ تاڵ؟**

*چونکە لەخۆشەویستی یەکەمم سەرکەتوونەبووم.

**کەواتە ئێستا ژنت هێناوە سەرکەتووی؟**

*لەساڵی ٢٠٠٠ لەئەستەنبوڵ لەگەڵ دیلێك کە کچە کوردێکی شاری سرتی کوردستانی تورکیایە، بەیەك گەیشتین، ئێستا دووکوڕم بەناوی (کاوەو دڵدار)هەیە لەخوا بە زیاد بێت هیچ کێشەمان نیە.

**کەی گەڕایتەوە بۆ کوردستان؟ بەنیازی چیت؟**

*چەند مانگێکە بۆ دواجار گەڕامەوە باوەشی کوردستان، کەتاکە هیوام بوو لەژیاندا، چەند پرۆژەیێکی ڕێکلامی پرۆفیشناڵم بەدەستەوەیە، بەلاَم پێویستم بەهاوکارییێکی زۆر هەیە، بەتایبەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

**لەچ کاتێك زیاتر حەز بە وێنەکێشان ئەکەیت؟**

*لەکاتی تەنیایدا.

**کەی تووڕە ئەبیت؟**

*لەکاتی وێنەکێشان کەسێك سەرقاڵم بکات.

**ئەمانە لەلای تۆ چی ئەگەیێنن؟**

**– ڕەنگی سور**

*مژدەی شەفەقە.

**– دایك**

*سێبەری داربەرووە.

**– هاوسەرت؟**

*شەریکی ژیانمە .

**– دوو کوڕەکانت ؟**

*بەلاَیێکی شیرینن.

**– تاراوگە؟**

*چاوەڕوانی مەرگ.

**– نیشتیمان؟**

*باوەشی دایك

**– کاری ڕێکلامو خۆشنووسی؟**

*پیشەو کارو کاسبیمە.

**– فاسۆلیە؟**

*ڕقم لێیەتی.

**– فڵچە؟**

*ژییەکانی بیرو هزرمە.

**– ناوبردان؟**

* ئیلهامی خەونو خەیاڵمە.

